فاشیسمی نوێ لە ئەورووپادا..

ئەکرەم سەعید

هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا لەم هەڤزانەدا: لە ٦-٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٤ بەڕێوە دەچێت، کە ئەنجامەکەی وا چاوەڕوان دەکرێ ئەحزابی ڕاستەڕەوی تووندڕەو زۆربەی دەنگەکان بدەست دەهێنن. لە ڕاستیدا پێش ئەم هەڵبژاردنەش، چەند ساڵێکە ئەحزابی ڕاستەڕەوی تووندڕەو جەماوەریان لە زیادبوونداین.

مارکس و ئەنگلس لە مانیفێستی کۆمۆنیسمدا نوسیبوویان:(با چینە دەست هەڵشتوەکان لە ترسی شۆڕشی کۆمۆنیزمی سەرتاپایان بلەرزین)، بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆی سەردەمی سەرمایەداری دەندەدا، وێنەکە تەواو پێچەوانە بۆتەوە، چونکە لە ترسی شۆڕشی دەندەیی چینی برجوازی و دارو دەستەکەی، لە سوپاکەی و ئەو گشت بزووتنەوەو هێزانەی مرۆڤ کوژانەی لە نموونەی داعش و ڕاسیزمی نوێ، هتد، زۆربەی مرۆڤایەتی سەرتاپایان هاتۆتە لەرزین و لە ترس و تۆقاندا دەژین. ئێستاکە ئەو تارماییەی بەسەر سەری ئەوروپادا دەسووڕێتەوە، تارمایی کۆمۆنیستی نییە، بەڵکە تارمایی فاشیسمی نوێیە. ئەمەکە زیاتر لە سەدەیەک، دوای سەرهەڵدانی قۆیرانی گەورەی ساڵانی ١٩١٤-١٩٤٥، کە ئەنجامەکەی: فاشیسم لە ئیتالیا، ناسیسم لە ئەڵمانیا، دەوڵەتی ئیستبدادی لە روسیا و جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بوو؛ ئەمە شاهیدی گیانەوەی لە ناکاوی شۆڕ و فاشیزمین لە بەشەکی زۆری جیهاندا.

بۆچوونی مارکسیسمەکان فاشیزم لە بنەڕەتدا پێویستی بە سەرمایەداریەوە هەیە. بە نموونە "ئەنتۆن" دەڵێ:(فاشیزم تایبەتمەندیەکی دووبارەبووەوەی سەرمایەداریی مۆدێرنە)، و "نیوکلیوس" نووسیبووی:(فاشیزم پێش هەموو شتێک ئایدۆلۆژیایەکە کە پیشەسازی مۆدێرن دروستی کردووە). هەروەها "ئەبن" لەسەر نازیەکانی ئەڵمان ڕای وایە کە:(فاشیسم بە پشتیوانی دارایی سەرمایەداری مۆنۆپۆلی مۆدێرن چەکدار کرا، و دیکتاتۆریەکەی خۆی لە ڕێگەی نوێترین تەکنیکی پڕوپاگەندە بە کەردنەوەی جەماوەر، وە بە سەرکوت سپاندی بەسەر کۆمەڵگەدا، و شۆڕشگانی بە تەکنیکی ترسناک لە وردبینی سەربازی و بوێری سیاسی بەڕێوە دەبرد. فاشیزمی ئەڵمانی بە گەیشتن بە دەسەڵات هەماکانی هەڵە ئاریەکانکانی زیندووکردەوە ،، ئێستێڵەی بتپەرستی "خوێن و خاک"ی بەاودکردەوە. لە سەرەتاوە تا کۆتایی دژە شۆڕشی سەرمایەی دارایی ئەڵمانی، خۆی

بە جلوبەرگی سەردەمی تاریکەوە ڕازاندەوە.) – ١/ فاشیزم لە ئەڵمانیا – ڕۆبن بلیک/١٩٧٥- بڕشی یەکەم.
دیاردەی بە جەماوەربوونی (ڕاستڕەوی تووندڕەو یان ڕاسیسم و فاشیسمی نوێ) چەند پرسیارێک دەخاتە بەردەممان:

- جیاوازی بنکەی جەماوەری و ئەستێرەکانی فاشیسمی پێشوو لەتەک فاشیسمی نوێ لە چیدایە؟!.
- ئایا جارێکی دی نازیسم و فاشیسم دەتوانن ڕۆڵی گەورە بگێڕن، و لە تەواوی وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوادا بنە سەر حوکم؟ کە دیارە ئەمش بە کەمکی باڵکی بەرژوازیکان مەیسەر دەبێ، کە لەسەر حیسابی لیبراڵ و چەپی بەرژوازیکان، ڕاستڕەوی تووندڕەو دەنگ دەهێنێ و بەرزدەبێتەوە بە لوتکەی دەسەڵات: واتە هەمان سیناریۆی ساتەوەختی قۆیرانی پێش جەنگی جیهانی دووەم، گەرچی کەمە ئەمڕۆکە دیکەری شانۆی سیاسی جیهان گۆڕاوە.
- ئایا دەسەڵاتی فاشیسمی نوێ کارساتی کۆکوژی هاوشێوەی هۆلاکۆست، بەناو ئەمجارە بە "کۆکوژی چەپ و موسڵمانکان و کۆمایەتییەکان" دووبارە دەکاتەوە؟!.

بنکەی جەماوەری فاشیسمی نوێ

لێرەدا بەکورتی باسی سێ لە مارکسییەکان دەکەین کە شرۆڤەیان بە بنکەی جەماوەری فاشیسم کردووە:

١/ "ئەنتەنیە گرامشی" لە ساڵی ١٩٢١، پێنج ساڵ پێش دەستگیرکردنی لەسەر دەستی هێزەکانی مسۆلینی، دەنووسێت:(چینی "وردە بەرژوازی" کە لە هەموو وڵاتانی سەرمایەداریدا هەن، ئەم چینە بنکەی جەماوەری فاشیزمە). واتە بەڵای گرامشی بنکەی پشتیوانی فاشیستەکان لەو کاتانەدا چینی وردە بەرژوازی بوو، نەک چینی کرێکاران.

٢/ "کلارا زێتکین" لە وتارێکدا ساڵی ١٩٢٣، کە بە کەمینترن پێشکەشی کرد، ڕای وایە کە (هەڵگرانی فاشیزم کاستێکی بچووک نین، بەڵکو کەمایەتی فراوانن). واتە بەڵای زێتکین بنکەی جەماوەری فاشیزم تەنها چینی وردە بەرژوازی نییە، بەڵکە تەنانەت چینی کرێکارانیشە. وە دەیگووت:(تەنها کاتێک تێبگەین کە فاشیزم کاریگەرییەکی وروژێنەر و زاڵی بەسەر جەماوەری بەرفراوانی دانیشتووانداهەیە، ئۆکات دەتوانین بەرنگاریی ببینەوە.) – کلارا زێتکین (خەبات دژی فاشیزم)- ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٢٣ دراوە بە

پلینەمی سەیەمی دەستەی بەڕێوەبەری ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست./ ٢.
٣/ ترۆتسکی پشتیوانی جەماوەری بۆ فاشیزم لە (وردە بۆرژوازی و چینی ناوەڕاستی نوێ؛ پیشەوان و دوکاندارە بچووکەکانی شارۆکان، بەرپرسە بچووکەکان، کارمەندان، کارمەندانی تەکنیکی، ڕۆشنبیران، جووتیارە هەژارەکان) پێک دێت. وەک "دانیال گەرین" کە سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕی فەرەنسییە، و لەژێر کاریگەریی ترۆتسکیدا بووە، دەڵێ "وردە بورژوازی "ناخوازن بۆرژوازی گەورە وەک چینێک لەناوببەن"، بەڵکو " ئەوان حەزدەکەن خۆیان ببنە بۆرژوازی گەورە". بەڵام وردە بورژوازی بۆ توانا بوو لە پێڕەوکردنی سیاسەتی سەربەخۆ، هەرچەندە فاشیزم "لەسەر پشتی وردە بورژوازی سەرکەوت بە دەستهات".
بەڵای من هاوڕێیان (گرامشی، زێتکین، ترۆتسکی) بە ئەو کاتەی خۆیان، خاڵی دروستیان نووسیووە، بەڵام بە سەردەمی سەرمایەداری ئەمە زۆرتر ڕۆشن بۆتەوە کە جگە لە چینی وردە بۆرژوای، لەمەڕەدا چینی کرێکاران بنکەڵکی جەماوەری فاشیسمی نوێن. ئەمەش لەڵایەک ئاکامی گۆڕەی ئابووری سەرمایەداریە لە نەوەکۆگەی زۆرەک لە وەتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوادا، کە لەچاو سالانی١٩٠٠- ١٩٤٠ ڕۆژی (جوتیاران و خاوەن پیشەیەکان) کەم بۆتەوە.

چینەکان و ڕاسیسم لە سوید

پێتەر لارشۆن بەوای وایە:{کرێکاران لەوە ترسیان هەیە کە پەناهەندەکان هەڕەشە دروست کەن لەسەر جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتیان؛ واتە جێگایان بگرنەوە لە کارداو بێکاریان کەن. بەڵام چینی مامناوەند کە جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتی بڕندیان هەیە، هیچ ترسێکیان نییە لەم هەڕەشەیە.}.
لە ڕاستیدا ئەمە ناوەڕۆکی نامەی دکتۆراکەی "میکایل سۆنسۆن"ە، کە لەژێر ناونیشانی (چۆن چینایەتی جیاوازی دروست دەکات) نووسیبووی. لارشۆنیش لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک لەتەک چەندەها کرێکاران و چینی مامناوەند گەیشتۆتە ئەم ئەنجامگیریە. هەبەتە ئەوەی چەند ساڵێک کاری کردبێ، یان ژیابێ لە سوید یان هەر ووڵاتێکی دی ئەورووپا، ئەنجامگیریەکەی لارشۆنی بەلاوە دروستە.
هەڕەشە لەسەر جێگای کۆمەڵایەتی مەرج نییە بە تەنها هاتنەخوارەوەی ئاستی کرێ بگرێتەوە، چونکە لە هەندێ

ووڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوادا بۆی کرێ بە کارەکان بە یاسا و کۆنتراکتی سەندیکا دیاریکراوە، بۆیە جیاوازی هەنگی پێستی مرۆڤەکان و کەلتور ڕۆڵی نییە لێرەدا.
هەروەها بۆ ای "لارشن" چینی مامناوەند(دادوەرکان، دکتۆرکان، پارێزەرەکان، ئەفسەری سوپاو دەزگا ئەمنیەکان، هونەرمەندەکان، شارەزایانی بواری تەکنەلۆجی) ترسیان لێوە نییە بەهۆی پەناهەندەکانەوە کارەکانیان لە دەستبدەن، و جێکاو شوێنی کۆمەڵایەتیان بتەخوارەوە.

بۆ ای من ئەم تێڕانسی چینی مامناوەندە کە هێشتا پەناهەندەکان هەڕەشە نین لەسەر جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتیان بەهۆی بڕندی مەقامی کارەکانیان، لەتەک هاتنەناوەوەی نەوەی نوێی پەناهەندەکان کە لەو ووڵاتانە لە دایک بوون و گەورە بوون بە نێو باڵازی کار، و بە هۆی گەشەی تەکنەلۆجیاوە، ئەم بە خەمی و تێڕانسەی چینی مامناوەند هەروا وەک خۆی نامێنێ.
ئەما کرێکارانی جۆری پیشەی ئاسایی ئەو ترسەیان هەر ئێستا هەیە. لێرەوە ئەم دەڵاوکێیە ئابووریە، مەیلی بەشی خوارەوەی چینی کرێکارانی ووڵاتانی دایک زیاتر بەرەو ڕاسیسم پاڵ پێوە دەنێ. بۆ نموونە: لە هەڵبژاردنی سەرکایەتی ساڵی (٢٠١٩)، ڕۆژی٦٠% دەنگەکان کە ترەمپ بەدەستی هێناوە، لە نێو چینی کرێکاری ئەمریکییەوە هاتووە.- (سێنتەری توێژینەوەی – ساڵی ٢٠١٩).
بگومان هۆکاری زیادبوونی مەیلی بەشی خوارەوەی چینی کرێکارانی وڵاتانی دایک بەرەو ڕاسیسم تەنها هۆکاری کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکە هۆکاری فکری ڕۆڵی گەورە دەبینێ لەم نێوەدا. بڵاوبوونەوەی فکری ڕاسیسم، فکری (ترس لە بێگانە – الإكزينوفوبيا Xenophobia / ترس لە ئیسلام – Islamophobia) لە وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوادا، ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە زیادکردنی جەماوەری ڕاسیسمەکان.
زیادبوونی مەیلی چینی کرێکاران بەرەو ڕاسیسم هۆکاری ئابووری خۆی هەیە کە سیستەمی سەرمایەداری سەرچاوەیەتی، بەڵام ئیدۆلۆژیستە بڕژوازەکان هۆکاری جیاوازی هەگەزو کەلتوری بە دادەتاشن تا سەرچاوەی سەرمایەداری پەردەپۆش کەن. واتە کرێکارانی وڵاتی دایک ڤیان لە کرێکارانی پەناهەندە دەبێتەوە لە ترسی لە دەستدانی کارەکانیان. وەک لە ئێران بە چاوێکی نزم سەیری کرێکارانی ئەفغانی دەکرێ، و

لە تورکیا ڕاسیستانە مامەڵە لەتەک کرێکارانی سوریا دەکرێ، کرێکارانی پەلەنی و سربی بەزراون لە بەرچاوی کرێکارانی ئەوروپیدا، گەرچی لە نێوان ئەو خەڵکەدا جیاوازی ئاینی و ەنگی پێست نییە. بەڵام نووسەرانی بەرژوازی تەزی ململانێی کەلتور یان ململانێی شارستانی دەهێنە نێوان کە لە ڕاستیدا هیچ بایەخێکی ڕاستەقینەی نییەو گەمەکی سیاسییە بزووتنەوە فاشیەکانی بەرژوازی دەیکەن بۆ فریودانی خەڵکی.
هۆکاری ڕاستەقینەی کەمبوونی کاری ئاسایی لە ئەوروپادا پەناهەندەکان نین، بەڵکە گەشەی تەکنەلۆجیا و گواستنەوەی کارگەکانە بۆ وڵاتانێ کە ئاستی کرێ و باج تێیدا نزمە و بازاڕی گەورەیان هەیە.
بەهۆی نزمی هۆشیاری سۆسیالیستی لە نێو ڕیزەکانی کرێکاراندا ڕق و کینە و دووبەرەکی دەکەوێتە نێوان چینی کرێکاران، و هەر بەشێک لە چینی کرێکاران دەچێتە ژێر هەژموونی ئایدەلۆژیای بەرژوازیەک؛ یان ئایدەلۆژیای ەگەزپەرستی و ئاینی مەسیحی سیاسی یان ئایدەلۆژیای ئیسلامی سیاسی، و بەمە دەسەڵاتی بەرژوازی لەسەر خەڵیان زیاتر دەکەن.
لەم ساتەی کە ئەورووپا لە قەیران و پشێویدا دەژی، و خەڵکی ئامادە دەکات بۆ جەنگ لەتەک ڕوسیا، ئیدی هەڵزی پۆلیس و ئاسایشی ئاسایی، و ئەحزابی لیبەرال و چەپی بەرژوازی لەتەک پەرلەمانێکی بۆ ئیعتبار، ناتوانن کەمتەرگێ لە دەخێکی سڤامگیردا ڕابگرن و ئامادە بۆ جەنگی کۆن، بۆیە نوخبەی جەنگی دەسەڵاتی بەرژوازی ستافی حوکمڕانی دەگۆڕێ، ئیدی نەرێی ژەمی فاشیستیێ بەتە سەر شانێ، و ڕۆی خێی بگۆڕێ.

"کریستۆف ڤاندرایەر" لە پارتی یەکسانی سۆسیالیستیی لە ئەڵمانیا دەڵێ:-
(چۆن ئەتوانرێت شکست بە پارتی ڕاستەڕەویی توندڕەوی (AfD) بهێنرێت؟
دوابەدوای ئاشکراکردنەکانی کەبوونەوەیەکی نهێنی نێوان بەرپرسانی پارتی [ئەڵتەرناتیف بۆ ئەڵمانیا(AfD)] و نوێنەرانی بازرگانییەکان سەبارەت بە پلاندانانیان بۆ دەرکردنی بەکۆمەڵی ئەو خەڵکانەی کە پێشینەی کۆچبەرییان هەیە، سەدان هەزار کەس لە سەرانسەری ئەڵمانیا دژی سیاستە ڕاستەڕەو و نامرۆڤکانی پارتی ئەڵتەرناتیف ژانە نێو شۆقامەکان و خۆپیشاندانیان سازکرد. (پارتی یەکسانی سۆسیالیستیی) پێشوازی لەم ناڕازایەتی گردبوونەوانە ئەکات.

بەرام نابەت هەر تەنها دژ بە ئێتنۆرناتیف (AfD) بێت، بەڵکو ئەبێت بەرامبەر سەرجەم ئەو حکومەتە بێت کە بەرنامەی فاشیستەکان لەخۆگرێ و ڕێگایان بۆ خۆش ئەکات.
کەبوونەوە نهێنییەکە نیشانی دا کە پلانەکانی دیکتاتۆریەت و دیپۆرتکردنەوەی بەکۆمەڵ تا چەند چوونەتە پێش. (AfD) پارتێکی فاشیستە کە درۆغی لە جەبەجێکردنی ئەم پلانانە ناکات.
پەیوەندییەکی نزیکی بە تۆڕە تیرۆریستییە ئاستەوە بەشومارەکانی ناو دەزگاکانی پۆلیس و سوپا و خزمەتگوزارییە نهێنییەکانەوە هەیە، کە خەیان بە "ئۆژی X" ئامادە ئەکەن کە ئیانەوێت نەیارانی سیاسی و کۆچبەران کەبکەنەوە و بیانکوژن. بەڵام مەترسییەکە تەنها لە (AfD)وە نایەت. لە هەموو جیهاندا پارتە ئاستەوە تووندڕەوەکان گۆشە ئەکەن و حکومەتەکان پێنا بە شێوازە دەندەیەکانی سەرکوتکردنی سیاسی ئەبەن و تادێت بەڕەوی پێ ئەدەن. .
حکومەتە ئاستەوە تووندڕەوەکان، وەک حکومەتەکانی مەلەنی لە ئیتاڵیا یان میلای لە ئەرجەنتین، جیاوازییەکی زەریان لەگەڵ حکومەتە "دیموکرات"ەکانی وەک جە بایدن یان ئۆلاف شۆزدا نییە هەمۆیان هەنگاوی دەندانە دژی پەنابەران ئەگرنەبەر و خەیان بە شێوەی بەرفراوان چەکدار ئەکەن، سەرکوت و پشێلکردنی ئازادی ئادەربەین بەڕەو پێ ئەدەن.

سەرچاوە:

How can the far-right Alternative for Germany be beaten? – 19 January 2024 – Christoph Vandreier

سەرچاوەکان:

١ / Fascism in Germany. Robin Blick 1975 – Chapter I: The Roots of German Reaction

٢/ Clara Zetkin – The Struggle Against Fascism / The following report was given June 20, 1923, to the Third Plenum of the Executive Committee of the Communist International.

٣/ هەوڵدان بۆ جێگاوشوێنی کەمەڵایەتی ئاسیسم دەبزووێنێ – پێتەر لارشۆن / Statusjakten driver fram rasismen
Petter Larsson läser en avhandling, som slår hål på myten om den toleranta medelklassen – Aftonbladet /Publicerad

2020-07-28

٤/ بەشێک لە کتێبی ژیاننامەی "دیدیە ئێریبۆن – گەڕانەوە بۆ ڕیمس"، کە لەنۆو شتەکانی تردا باس لە هەڵکارەکانی سەرکەوتنی پەپۆلیزمی ڕاستڕەو دەکات لەنۆو دەنگدەرانی چینی کرێکار لە فەرەنسا. هەروەها وتاری (لە چینایەتییەوە بۆ ناسنامە) لە سایتی (فلاممان ١٢ی تەممووزی ٢٠١٨). بەڕێگەکان ئاشکرای دەکەن کە پەپۆلیزمی ڕاستڕەو لە ئەورووپا و ئەمریکادا پشتیوانییەکی بەرچاویان لەنۆو کرێکاراندا بەدەستهێناوە.

بادی شادی و هەڵگەڕانەوەی تەروانینەکان.. ڕانانی: بەکر ئەحمەد

ناوی کتێب: بادی شادی، چیرۆکی شیعر
نووسینی : چاوەڕ فاتیح شیخ
چاپخانەی هانا سوید
ڕانانی: بەکر ئەحمەد

سەفەر یانی ئازادکردنی غوربەتە لە زیندانەکانی گەڕەکەکدا و
نیشتەجێکردنی ئاوە لە گەڕەکی بە ماڵیدا
یانی بێکارکردنی "بادی خۆش مرووڕ"ێ وەک پەستەچی بە پەنجەی
"بینەر"ی مایلێک
سەفەردەکرێ گۆڕکردنی وێنەی نیشتیمان وەهەواسینی بێ بە دیواری
ناو ماڵەوە
یان بچووککردنەوەی وێنەی گەی زەویی و هەواسینی بێ بە لای
پەنجەرەی نیگاوە
فڕبوونی کچێکەم بە وتنی: بە بەوای من
هەوینەوەی ترسی ژنەکەم لەهەڕەشەکانی دەستی تەماق
سەفەر دەکرێ ونبوونی دەموچاوی باوکێک بێت و
دروستبوونی دەیەها دەموچاوی دیکەی باوک بێت.

بەشێک لە قەسیدەی: "سەفەر و باپیرەم و کچێکەم" بەکر ئەحمەد

لە ناو "لەکلینەوەکانی کەچ"دا دەربینەک هەیە پیی دەوترێت "ئەکولتوراسیۆن". چەمکەکە بە کورتی باس لە نیگای ئینسانی کەچکردوو دەکات بە ژیان لەناو دوو ژینگەی کولتوریدا و دوو ڕەهەند لە خۆ دەگرێت.
یەکەمیان: چۆنێتی ئینسان دەستدەگرێت بە پۆوەر و بەها کولتوریەکانی خۆیەوە و دەستبەرداریان نابێت.
دووەمیشیان: چۆنێتی ئینسان دۆخەوە لە پەیوەندیەکی دانەبڕاودا بێت لە ناو بەها و پۆوەرە کولتوریەکانی کەمەلگای نووێدا.
ڕەنگە دەموچاوی "جانوس" کە یەکێک لە پێکهاتە یۆنانیەکانەکانە باشترین دەربینەک بێت بە ئەم قیشانە ڕەحی و دووکەرتبوونە ناوەکیەی ئینسانی کەچکردوو. پێکهاتەکە سیمای ئینسانێکی هەیە کە خاوەنی دوو دەموچاوە. پشت لەیەک. ئینسان لە هەمان کاتدا پێش و پاشی خۆیشی دەبینێ. لە دۆخی کەچدا، بوونی نیگایەکە لەسەر ڕابردوو و هاوکاتیش نیگایەک لە ئایندە. ڕاگرتنی ئەم باڵانسە و بێئاگابوون لەوەی کە نیگا دەکرێت چۆن ڕابگیرێت ، دەکەوێتە سەر هەڵبژاردنی ئەو ستراتیژیانەی کە کەسی کەچبەر دەکرێ هەڵیانبژێرێت.

ئەکولتوراسیۆن وکەچ

لای " بیرەی"، پرۆسەی ئەکولتوراسیۆن دەکرێ چەند ئاراستەیەک بە خۆیەوە بگرێت وەک ستراتیژیەکی هەڵبژێردراو لەلایەن کەسی کەچکردووەوە.
یەکەمیان: خۆجیاکردنەوە. لەم ستراتیژیەدا کەسی کەچکردوو، بەها و پۆوەرە کولتوریەکانی گرووپی خۆ لە پێش هەموو شتێکەوە دادەنێت و هیچ پەیوەندیەکی دینامیکی لەگەڵ کەمەلگای نوێ و بەهاکانیدا پێکناهێنێت. بەشیکی بەرچاوی کەمەلگای کوردی دەرەوەی وڵات ئەم دۆخە بەسەر دەبەن و دەربینی: ئەمە کوردین و ترادیسیۆنە کوردی و بەها کەمەلایەتیە کوردیەکان دەپارێزین، باشترین دەربینێکی ئەم دۆخەیە.
دووەمیان: تواندنەوە یان ئەسیمیلاسیۆن. لەم ستراتیژیەدا، کەسی کەچکردوو، هەموو پردە کولتوری وبەها ترادیسیۆنیەکانی نەوان خۆی وکەمەلگای یەکەمی تێکدەوخێنێت و لەناو پۆوەرە کولتوری و بەهاکانی کەمەلگای نوێدا دەتوێتەوە.
سێیەمیان: ئاوێزانبوون. لەم ستراتیژیەدا تاکی کەچکردوو لە نێوان هەردوو کولتووەکەدا هەڵدەکات و پەیوەندی لە گەڵ کەمەلگای یەکەم و دووەمیدا لە باڵانسێکی ئاسایدا ڕادەگرێت.
چوارەمیان: لە پەراوێزدا بوون. لەم ستراتیژیەدا کەسی کەچکردوو هیچ پەیوەندیەک بە کەمەلگای کۆن و نوێیەوە ناهێڵێت.

نەوجەوانانەکی بە تەنها هاتوو دەکرێ لەم دەڤەرەدا خەیان ببینن.
بەگوومان هەلبژاردنی هەرێمەکەک لەم ستراتیژیانە ، بە تەنها وەک خواستەکی تاکانەی ئینسانەکان چاویلێناکرێت و پشینە کولتووری و ئینتیما ئەتنییەکانی کەسی کەچکردو و ستراکتۆرەکانی کەمەلگای نوێ بە دەرگاکردنەوە یان داخستن لەبەرانبەر کەچبەردا ، گرنگی خۆی هەیە.
بەوەی کە کەمەلگاگاکی کوردستان چەندین دەیەیە ئینسانی لەهەدەت و روودەکەنە ئەوروپا، بە خوێندەوار و نەخوێندەواریەوە، بە نووسەر و سیاسییەکانییەوە، کەچی هەشتاکەش ئەمە لە دەرەوەی وەتات خاوەنی بەرهەمەکی نووسراوی وا نین کە ژیانی ئێرە بناغەی نووسین و تەرامانە ئەدەبییەکان بێت. بەگوومان ئەم دەربینەی من گشتیگیر نییە و گەورەبوونی نەوەی دووەم و سییەمی کورد لە دەرەوەی وەتات، کەمەک ناو و نووسەری پێگەیاندووە کە هەشتا بەرهەمەکانیان وەرنەگێردراونەتە سەر زمانی کوردی. لە ولاتەکی وەک سوێددا، ئینسان دەکرێت سەربەرزانە خەی بەو نووسەرانەوە با بدات و دڵگەرم بێت بە لەدایکبوونی ئەدەبیاتەکی دیکەی کوردی کە لە زەدی یەکەمی خۆیدا گەورە نەبووە و قاچەکانی تووند لە ناو هەر دوو کەمەلگاکەدا داکوتراوە و وەک مەلەوانەکی کارا، بە نیگایەکی ئەدەبی سەرکەوتوانەوە، بەرهەم دەخوڵقێنە.
نالی لە " قوربانی تەزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرووڕ"دا بە دەنگەک دەربەی ئەم دەخی دەرپەراندنەی ئینسانی کورد نیشاندەدات لە ڕۆژگارەکی دوورەوە، کە تا ئێستاش سەداکەی لە گوێچکەی زەربەماندایە. ئەو لە ئێستەمبوڵەوە کونجی خانەقاکەی خۆی دەبینێ. بەڵام ئێستەمبوڵ دیار نییە. شیرکە بەکەس ، درۆترین شیعرو زەرترین بەرهەمەکانی لە ستەکهەڵمی سوێددا دەنووسێت، کەچی بە تەنها قاوەخانەیەکی گەرەکی "گاملستادن" دەبێت بە ئیکسسوارەکی ناو شیعر و لەولاشەوە حاجیحان و مەکەندی و مەهاباد و دیاربەکر بە هەموو کووچە و کەلانەکانیانەوە ئامادەییان هەیە. نووسەرەکی کورد دەڵێ:" تا ئێستاش خۆنکم نەبینیوە زەمینەکەی سوێدی بێت." بەڵام بە شاعیرەکی تەمەن لەسەر و هەشتاوە ، کانی ئاسکان و سنە و لەندەن و شاخەکانی وەلزلە تەنیشت یەکەوەن و خوێنەر بە هیچ ڕەگریەکی کولتوری و ڕووحی بە ناو کووچە وکەلانەکانی ئەم شوینانەدا دەکرێ سەفەر بکات. پرسیار ئەوەیە: نیگا و تەروانینی ئینسان چوولەکوەیە؟

"بالادی شادی" سەفەری "چاوە"ی شاعیرە بە ئابردوو و ئێستا و ئایندەی کەمەلەک خەزانی کورددا کە لە کوردستانی خەرهەتاوە

دەردەپەنجەرەن و لە سلەمانی نیشتەجێبن و دواتریش لە لەندەن دا دەگیرسێنەوە. ئەوەی لەم بەرهەمەدا جێگای تێرامانی منە، ئەم جێگەکە نەسرەوت و سووڕانەوە هەمیشەییەی نیگایە لەسەر نەخشەیەک کە کێچ و دەرپەراندنی ئینسانەکان کێشاویەتی.

بالادی شادی چیرۆکە شیعرێکی درێژەو لە 22 بەش پێکهاتووە.

بەناوبانگترین سەفەرێکی کورت بۆناو دەرکانی ئەم بەرهەمە شیعرییەدا بکەم، ڕوونکردنەوەیەکی کورتم دەبێت لەسەر ناونیشانی بەرهەمەکە. "بالاد" لە زمانە ئەوروپییەکاندا مێژووییکی درێژی هەیە و سەرەتاکانی تا سەدەی 12 درێژ دەبێتەوە. بالاد بەو گۆرانییانە دەوترێت کە لەگەڵ سەمادا دەچەرێن و بەشکەی زەر لە چیرۆک و بەسەرهاتی ڕۆژانە لەخۆ دەگرن. مێژووی بالاد درێژ دەبێتەوە و چەندەها لق و پۆپی دیکەی لێدەبێتەوە. لە زمانی کوردیدا، ڕەنگە حەیران نزیکترین شیوازێکی گۆرانی بێت کە لەگەڵ بالاددا یەککبگرنەوە.

هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ ئەم بەرهەمە لایەن "چاوە"وە، تێرامانێکی قووڵی لە پشتەوەیە و لەگەڵ ناوەرۆکی بەرهەمەکەدا یەکانگیردەبێتەوە.

شەو لە نیوە ترازا بوو، لە دیسکە هاتبوونە دەر

بەم گۆرانەوە کورتە و بڕووسکە ئاسایە، چاوە، کیشماندکاتە ناو دەسپێکی چیرۆکە شیعرییەکە. ئەویش سەرەتای یەکترناسینی دوو لاوی گەنجی لە لەندەندا گۆڕبووی کوردە بۆ ناوکانی "شاد" و "شادی"یەوە. ئەم یەکترناسینە کورتەی نیوەشەوێکی ناو مێترۆی لەندەن، چەندین ویستگەی تری بەدوادا دێ و دەبێتە هۆکاری یەکترناسینی دوو خەزان کە هەریەکەیان لە سوچ و کەنارێکی نیشتیمانی یەکەمی خۆیانەوە دەرپەڕندراون و لێرە گیرساونەتەوە. "گەشە"، "دایە حەبیبە"، "شاهە" ، "کەسنەزان" و چەندین ناوی دیکە کە هەریەکەیان چمکێکی ئەم چیرۆکە دەکەوێتە سەرشانیان، لە بەرەو پێشەوەچوونی چیرۆکەکەدا ، هەریەکەیان دەنە سەر شانۆی ڕووداوەکان و لایەنێک لە مێژووی خەشی و ناخۆشییەکانی خەڵکی کورد و ژیانی نویی لە هەردوو دیوی کوردستان و لەندەندا دەگێڕنەوە.

بەناوبانگی "بالادی شادی" هەر بە تەنها داستانی ڕۆژشی و نەهامەتییەکانی خەڵکی کورد نیە. بەڵکو لە ڕێگەی ئەو ئاستە بەرزە لە وشیاری پالەوانەکانەوە کە نزیکایەییەکی قوڵییان لەگەڵ شیعر و گۆرانی کوردی و جیهانیدا هەیە، ئەم بەرهەمە دەکەنە سرود و گۆرانییەک بۆ بەباداهەڵدانی شیعر و گۆرانی و بەرزنرخاندنی ئەم لقە ئەدەبییانە لە ژیانی ڕۆژانەی ئینسانەکاندا. بالادی شادی نێک هەرحەیرانێکی درێژە بە زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی و فارسی لە

ێگای گەرانی و شیعرەکانی ناو ئەم بەرهەمەوە بەم زمانانە، بەڵکو حەیرانەکی "پەشخەشە" لە ستایشکردنی شیعر و گەرانیدا.

یەسە ئاسکەو دەموچاوەکی دیکە

چاوە لەم حەیرانە درێژدا، نەک هەر شیعرو گەرانییە سادەکانی سەر زمانی خەلکی و شیعرە بەناوبانگە کوردی و جیهانییەکان بەسەردەکاتەوە لە ێگەی ئاخاوتنی پالەوانەکانەوە، یاخود لە ێگەی منی گەڕاوەی چیرۆکە شیعرییەکەوە، بەڵکو ەاستکردنەوەیەککیش بە ئەم مەژووە هەڵیە دەکات کە بەشێک لە شاعیرە گوومناوەکانی کوردوستان ەووبەوینی بوونتەوە. ئەوتانە لە مەژووی ئەدەبی کوردی ""عەللادین سەجادی"دا، مەرگی یەکێک لە شاعیرە جوانەکانی هەورامان "یەسە ئاسکە" دوو دەی پەوا دەبینریت: "پیاو، شاعیری خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان (1638ـ1592)، لە موسل مردووە."
بەڵام لە زمانی کەسنزانەوە کە یەکێک لە پالەوانە جوانەکانی "بالادی شادی"یە، ئاواهی ئەم چارنووسەی یەسە ئاسکە دەتە گەرانەوە: " یەسە ئاسکە خەشخوان بووە، جوانخاس بووە، دەماس بووە. لە دیوەخانی خانەکەی مەشهوور بە "خانی کول خانان"، شیعرو گەرانی وتووە، لە قسان، بە تەمەت و تاوان بە ئەمری خان لە چینی دیواریان ناوە. قوڵیان بەدەمیا کەشاوە، تا هەناسەی لەبەاوە. مەشهوورە تا ئاخر نەفەس، یەسە ئاسکە بە شیعرەکانی هەجووی خانی کردووە تا مردووە."
بالادی شادی و زمان.
بەکارهێنانەکانی زمانی ئینگلیزی چ وەک شیعری شاعیرانی دیکەی ئینگلیز و تیکستی گەرانییە ئینگلیزییەکان، بەرهەمی شاعیرانی فارس و بەکارهێنانی دیالێکتی کوردی نەوەی دووەم و سییەمی منداڵی کوردی لە ئەوروپا گەورە بوو کە لە درامای تەلەفیزیۆنە کوردییەکاندا جێگای گاڵتەجارییە بە زار کەس، ئامادەییەکی لەرادەبەدر و بەرچاوی دیالیکتی هەورامی و سنەیی لەم بەرهەمدا، جوانیەکی لەرادەبەدەر بەم بەرهەمە دەبەخشیت و بە هیچ سەکردنەوەیەک لەوەی کە خوێنەر دەکرێ تێبگات یان نا، لە ناو دەرەکانی ئەم بەرهەمدا بە بە هیچ ژێرنووس و دروستکردنی فەرهەنگەکەک ئامادەییان هەیە.
لەپاڵ ئەم ئامادەییە گەورەیەی زمانە جەراوجەر و دیالێکیە پەراوێزخراوەکانی زمانی کوردیدا لەم بەرهەمدا، زمانجوانییەک لە ناو دەرەکاندا دەردەوشێتەوە کە تەنها لەنەوەی "چاوە" و "سوارەی ئیلخانیزادە"ی شەستەکانی سەدەی ەابردووی کوردستانی ئیراندا دەکرێ بەشوێنیدا بگەڕییت. سەیرەکی ئەم وشانە بکەن!
پەشخەشە، خەمپەدان، مەیمانی،وەختەبار، وەلەکان،

عەندەوام، تەمایەر، تیتانی، تواشا … هتد

جەنگی نەوکان یان پەکەوەدووانی یەکتری

دەربەندکی سادە و جوانی منداڵکی تورک هەیە کە دابەانی نەوکان لەیەکتری و ئینتیماکانییان بە ژینگەی یەکەمی دایک و باوک و نیشتیمانی دووهەمی دوای نیشتەجێبون لە پرسەی کەچدا، جگایەکی تایبەتی هەیە بە ئاماژەپدان تا بزانین چۆن چاوە لەم چیرکە شیعرییەدا بە دەرئەنجامی پێچەوانەی ئەم دەربەندە دەتەنگەی خوارەوە دەگات. دەربەندکە ئاواهییە: "نیشتیمانی باوکم، نیشتیمانی غەریبی منە. نیشتیمانی من، نیشتیمانی غەریبی باوکمە" .

ئەم دابەشبوونە سادە و واقعییە کە لە زمانی نەوجەوانکەوە دەتە دەربەین، ئەو خاڵی سنوورجیاکردنەوەیە کە ئینتیمای نەوکان بە جوگرافیا جیاوازەکان و دروستکردنی پردی بەیەکگەیشتن لە نەوان منداڵ و دایک وباوکدا، بە سروودکانی "چەند شیرینە لام" و "خوایە وەتەن ئاواکەی" دروستناکرێتەوە. ڕەنگە ئەمە وەنەیەکی گشتیگیر نەبێت، بەڵام ڕاستیەکە و زۆبرەکانی کەچ دەیهەنێتە پێش.

"چاوە" لە بالادی شادیدا ئەم دابرانەی نەوکان هەندە سادە دەهێنێتە پێش کە لەگەڵ بڕیککەوتنە ڕۆژانەیەکانی دایک و باوکاندا لەسەر پرسیارە سادەکانی ڕۆژانە، جگایەک دەدەزێتەوە کە نە نیشتیمانی یەکەمی دایک و باوک مەمڵکەتی غەریبی نەوکانە و نە نیشتیمانی غەریبی دایک و باوکەکان، بە تەنها نیشتیمانی نەوکانە. ئەو ڕایەڵەیشی کە ئەم نەوە جیاوازانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، شەرشی ژینایە کە نەک هەر بە تەنها مەراقێکی گەورەی پاڵەوانکانە کە لە زەدی خەیان دەرپەڕاندراون، بەڵکو ئومێد و خەونی ئەو نەوە نوێیەشە کە بە ئومێدکانی دایک و باوکەوە پەیوەست دەبن.

بالادی شادی بە تەنها چیرکە شیعرێکی ئەو ڕووداوانە نین کە ڕوویانداوە و لە تیکستێکی ئەدەبیدا تەماركراون، بەڵکو وێناکەشانی دنایەکە کە دەبێت وابێت. ئەو پرسیارەی کە خوێنەر دەکرێ بەزەینیدا بێت ڕەنگە ئەوەبێت کە ئایا ئەم پاڵەوانانەی ناو ئەم چیرکە شیعرییە چەند نوێنەرایەتی کەمەڵگای دەڕەوە و ناوەوەی کوردی دەکەن؟

بە بۆای من، بالادی شادی تەروانینی ئەو کەمایەتییەی کەمەڵگای کوردییە کە بەشیکی گەورەی ئەو تەروانینە کولتووری و پۆەرە کەمەلایەتیانەیان تەکشکاندووە کە لەمڕۆدا لە ئاستی کولتور وبەها وپۆەری بالادەستدان لە کەمەڵگای کوردستاندا. هەر ئەم نیگایەشە کە ئەم چیرکە شیعرییە دەکاتە خەونکی ئایندەیانەن.

دەڵێن: لە کاتی گەیشتنی بنەمالەیکدا بە دەرەوەی ولات، زەمانی

پێکەوەژیانی ئەندامانی خێزانێک بەم شیوازەی خوارەوە لێتدەبێت.
" باوکەکانمان لە دونیدا دژین، ژنەکانمان لەمدا و منداڵەکانیش لە سبەینێدا"
ئەگەر چرکەساتی گەیشتنی خێزانێک بەمشیوازە لێت ببێت و ئەندامانی ئەم خێزانە لە دوینی و ئەمڕۆ و سبەینێدا جگا بە خەیان بگرن، ئەوسا بە ئاشنی ئەو زەبرە سایکۆلۆژییە قورسە هەستپێدەکرێت کە پرسەی کۆچ و دەرپەراندنی ئینسانەکان لە پاش گیرسانەوەیان لە کەمپەلگای دووهەمدا ، دووچاری دەبنەوە.
بەڵام چاوەی شاعیر لە بالادی شادیدا، ئەم زەبرە قورسەی تێکشکاندنی کات زەر سەرکەوتووانە تێکدەشکێنێت و لەبری ئەوەی لە دونیی و ئەمڕۆدا جگایەک بە خەی هەڵبژێرێت، لە سبەینێدا ئادەوستێت. جگایەک بە پێی هاوکێشەکانی کۆچ دەبوایە وا نەبوایە. هەڵبژاردنی ئەم گۆشەنیگایە بە مامەڵەکردن بە پرسیاری کۆچ، بە پیاوێکی تەمەن سەر و هەشتا ساڵ، بالادی شادی دەکاتە یەکێک لەو بەرهەمە ناوازانەی کە مامەڵەیەکی زەر مەدیرن بە پرسی بوونی ئینسانی کورد دەکات لە کۆچیانەدا. ئەگەرچی کوردستان بە هەموو ئازار و خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە لە دەرەکاندا ئامادەیی هەیە.
لە پاش رووداوەکانی ساڵی ١٩٦٨ ی پەلەنیادا کە کامپینێکی "جوونەفرەتی" دەولەت لە پشتیەوە بوو، ٢٠ هەزار هاولاتی جوو ناچارکران کە پەلەنیا جبەێن. لە تەنیشت یەکێک لە ویستگاکانی وارشەدا، کەنە تابلۆیەک بەجۆماوە کە لەسەری نووسراوە:" ئیرە ئەوان زیاتریان لە پاش خەیانەوە بەجۆهێشت لەوەی کە پێشتر هەیانبووە"
بالادی شادی، گەرانەوەی مەژووی بێشکی کەمی خێزانی کوردە کە لە دوای کۆچیانەوە ، زیاتر لەوەمان بە جەدەهێن کە پێشوو تر خاوەنی بوون.

ئەمانی فینی پردەکان یان فینی وشکان.. یووسف ئیسماعیل

کاری ئەمان تەنیا گەانەوەی چیرێک و خستنەووی ڕووداو و سەربردەکان نیە، بەکو ئەرکی سەرکی شەوی گەانە و گەمکردنە

بە وشە و زمان و کاری داهێنانە لە ئەدەبدا. مامۆستا حەمەسەعید حەسەن دەڵێت: ((تەکنیکی نوێ لە نووسیندا ئەوەیە، زۆرێک بکەوێن، پشتر نەکەوێتە رابردوە، یان بە دەربڕینکی دیکە، بە یار بکەین بە کۆنگ)). بەڵام دەتوانم ئەمە لە ڕەمانی فەینی پردەکانی نووسەر و ڕەمانووس دەشاد کاوانی ببینم، لە دووتوێی (٣٤٥) لاپەڕەدا جیهانێکی جیاوازی هاوشێوەی جیهانێکی خەیاڵیی لەسەر زەوی دروست کردووە، کە پێشووتر هیچ ڕەمانووسێک ئەمەی نەکردووە. ئەمەش توانا و لێهاتوویی ڕەمانووس دەردەخات کە ڕەمانەکە لە ڕەوتێکی دەروونی ئاڵۆزی پاقڵە فرەشکی ژێر پردی شەش ووداد، کە تووشی دوو جۆر نەخۆشی دەروونی جنون ال’/مە و انفصالی الشخصیە بووە. دوای ئەوە چەند دەقێک و کتێبێک دەخوێنێتەوە ئیتر ئەم چەمکە تازانەی دێنە دە و دەروون و بیرو بۆای ڕەمانێکی دیگەمەن و بە وێنە دەخولقێت((٣٤٤))، کاوانی ڕەمانەکەی پڕلە وەسف و دیالۆگ، گەمە بە شێوەن دەکات و کات نادیارە. نەهێنکی سەر شتێ کە خوێنەر وەڕ بەدوای وەڵامی ئەو پسیارانەی لە مشکیدا گوزەر دەکات.
کاتێک نووسەر بیاری نووسینی ڕەمان دەدات، ئەوە پێویستی بە کەرستەی ڕەمان هەیە (خەیاڵ ، دیالۆگ ، وێنەی شیعری ، وەسف ، ... هتد). ڕەمان گرنگ نیە درێژ بێت، گرنگ ئەوەیە هەڵگری پەیامێک بێت و ئامانجێکی خۆی بپێکێت. ڕەمانی کوردی پەیەتی لە درێژ دادەی تا ووداوێک ووددات چەند لاپەڕە هەر وەسف و پەدا هەدانە. کاوانی لەڕە ڕەگری کردووە لە درێژدادەی، ناتوانی هیچ ستەیێک پاز بدەی بە ئەوە ئاگاداری ووداوکانی نەو ڕەمانەکە بیت، بەڵام لە هەزی فکریدا نووسەر زۆر بە چەی کاری لەسەر کردووە کە ناتوانی بە جارێک لەی حاڵی بی. وشە گەلێکی سەیری بە کارهێناوە چ لە ناوی کارەکتەرەکان کە بریتین لە ((سوبحلئزەل ، ئاپە ، جیقە ڕشکنی مەمک قرتاو ، بەهادوور ...هتد))، تا داگاتە ناوی شۆن و کار و تەنانەت بنەما ئاینییەکانیش.
کاوانی ڕەمانەکەی بەدەر نیە لە گوتەی ئاینی و بەکارهێنی چەند ستەیێکی کتێبە پیرۆزەکان وەکو (ئینجیل و تەورات ..هتد)، لە ڕەمانەکە نووسەر ئاینێکی نوێ دروست دەکات بەناوی((ئاینی ئەهلی حەق))، و کتێبە: بەناوی (قینات) کە تا ئێستا هیچ ڕەمانەکم نە خوێندەتەوە کە نووسەر ئاینێکی نوێ لە نووسینەکانی خەیدا دروست بکات.
کارەکتەری سەرەکی ڕەمانەکە یەک پاڕەوان نیە، بەکوو کەسانی تریش هەن کە لەسەرتاوە تا کۆتایی کارەکتەری سەرەکین لە ڕەمانەکەدا، ووداوەکانی گەلێک سەر و سەمەرەن. نووسەر لە هەندێک ووداودا بە

دەستی ئەنقەست خوێنەر دەخاتە سەر ئەی هەڵە و کارەکان سەراو ژێر دەکات.
نموونە لە لاپەڕە (١٩٤) دا باسی کەسێک دەکات لە چایخانەیەکی شاردا خەرکی خواردنەوە شەڕابە؟، لێرە خوێنەر دەبێت زێر وریا بێت بزانێت لە چۆن لە ئەدەبی نامەعقووڵ تێدەگات. لەم هەڵەمەدا هەموو کەسێک مژوولی شەرابە لە بەی ئاو و چا شەراپ دەخورێتەوە. ئەنگۆ هەندێک کەس وا حاڵی بێت نووسەر چایخانە بە یانەی شەوان و باڵ تێگەیشتووە، نەخێر بەکو لای کاوانی مرۆڤ هەر خەی سەرخۆش و تائاگایی، پێچەوانەی مرۆڤی ناو ئەمانەکە بە خواردنەوەی شەراب هەشیان دەتەوە. ئەمەی پێچەوانەی ئاستەقینە کردەتەوە. ئەک ئەمانووس باسی تاقیگەکەی فرەید دەکات. نەک چایخانەیەکی ئاسایی کە چۆن فرەید بە جووڵاندنی نەست پەنای بە کەکاین دەبرد، بەهەمان چەشنە سیلانی پیر رابەری ئەم هەڵەمە خودی کارەکتەری فرەیدە. کاوانی خەی و خوێنەری خستەتە گەمەیەکی سەیر کە ناتوانم ناوێکی بە دیاری بکەم، ئایین تەکنیکی سیاسەت بووە، خوێنەوارێک شوێنی خەی لەگەڵ نەخوێنەوارێک گفتوگۆتەوە، داهێنانی زمانی نوێ لەگەڵ زمانی کوردی تەکهەکەشراون ((سپرانتە))، هەندێک مەبەست هەندێک کە خوێنەر تێدا قەسە.
ئەمان دەبە چەژ ببەخشە، کاتێک گەڕانکارێک ڕووداوات دەبە دەمارەکانی مەشکی یاری بکەن و تەواوی چاو ، مەشک ، فیکریان لای ئەمانەکە بێت. من لە چەندین دیالۆگ و هاتنی کارەکتەری نوێ دەوەستام و نەم دەتوانی قبووڵی بکەم؟ ئەو کارەکتەرە چۆن هاتە ناو کاییەی ئەمانەکە؟ لەبەرئەوە چی هەیە؟. بەیە کاوانی لە هەندێک دیالۆگ و کارەکتەری نوێ، خوێنەری فەرامۆش کردووە، بەداخەوە. ئەمە دەبێتە ئەوە خوێنەر لە ئەمانەکە بێزار بێت و سارد ببێتەوە.
کۆتایی هاتنی ئایین و کتێبی قینات. نووسەر زێر بە باکانە کۆتایی پێدێنە و هەستی خوێنەر یاری پێدەکات و ساردێک کە گەرمی جەهەنەمی ئەمانکە دروستی کردوو دەپوکێنتەوە، پێشیمانی و بێجهشتنی کابووسکی تاریک و تەماوی لە مەشکی هەر خوێنەرێک جە دەهێت. وێنەکانی ناو کابووسکە هەرگیز ناتوانن لە مەشکت دەری بێنی و بیری لێنەکەیتەوە، دووبارە وەک منداڵکی بەدبەخت کە نازانی باوکی ئاستەقینەی کێیە؟، دایکیشی لەبەر چەژ وەرگرتن ئەویش بیری چووە کە منداڵکەی کوێی کێیە. ئەم ئەمانە تابێت ئەمانکی دەوەڵمەند و فرە ڕووداو و فرە ڕەهەندە، لە هەر لایەکەوە بەی بچیت شتی تازە و نوێت بەرچاودەکەوێت. هەر بەیە من تەنیا لەچەند سەرداوەکەوە بە شیکردنەوەی ئەمانی فەینی پردەکان چووم. ئەمە بەچوونی منە و ئەنگۆ خوێنەر و تووژەرانی دیکە چەند لایەک و دیو:ی دیکەی ئەمانکە

ببینن، من خۆیام بۆی نەچووبێت.

سەرچاوە:
فەینی پردەکان ، ڕۆمان ، چاپخانەی پاندا ، دامەزراوەی قیم ، ٢٠٢٣.

هەڤپەیڤینەک لەگەڵ شانۆکار شەیما فریاد.. ئامادەکردنی: کامەران حاجی ئیلیاس

شانۆکار شەیما فریاد: من هەمیشە تینوی شانۆم زۆریش حەز بە تەختەی شانۆ دەکەم
شانۆکار شەیما فریاد: شانۆ لای من ڕۆحە هەستێ ژیانە دەرمانە بۆ ئازارەکان
خاتوونی شانۆکار (شەیما فریاد تەفیق) یەکێکە لەوشانۆکارانەی کە خاوەن توانستێکی باشی هونەری نواندنە.شانۆکار شەیما لە شاری هەولێر لە دایك بووە دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرجوانەکانی شاری هەولێرە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە حەزوو ئارەزووی بە هونەری شانۆ هەبووە .بە پڕپێدانی بە هونەرکەی دەچێتە بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرجوانەکانی هەولێر لەماوەی پێنج ساڵی خوێندنییدا بەشداری چەندین کاری شانۆیی کردوە ..لە نزیکەوە بچێند پرسیارێك بەسەرمان کردوە .

هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

***سەرەتا بابزانین شەیما چۆنە جیهانی شانۆی ناسی؟**

- من هەرمنداڵییەوە حەز و خوولیای هونەری زۆرم بە شانۆ هەبووەو بەیەکاتێ قۆناغی بنەڕەتیم تەواو کرد بەدوای دەرفەتێك دەگەڕام بۆ ئەوەی پڕە بە بەهرەکەی خۆم بدەم تائەو کاتەی مامۆستای هونەرمەند (هیواسوعاد)م ناسی ئەو توانی پڕە بەبەهرەکەم بدات،من بە جیهانی هونەری شانۆ

ناساند بۆتایبەتی دەرفەتی پێدام بەشداری چەندین شانۆگەری بکەم، لەبەرئەوە جێگای شانازیە بۆ من لەگەڵ ئەو هونەرمەندە گەورە کاربکەم.

- **کێن ئەوانەی هاوکار و پاڵپشتی شێما بوون لە بواری هونەری شانۆدا؟**
- گومانی تێدانیە خۆزاکەم زۆر هاوکار وپاڵپشتم بوون بەجۆرێك هەمیشە هانیان دەدام، هەروەها هونەرمەند هیوا سوعاد زۆر هاوکاری کردووم. هەرچەندە کەبەداخەوە تائێستاش لەلایەن هەندێ کەسەوە تووشی تیرو توانج دەبینەوە ئازار دەدرێن، بەڵام بە پاڵپشتی خۆزانەکەم من لە هونەرکەی خۆم بەردەوام دەبم.

***پێمانگای هونەرجوانەکان بەشێکی گرنگی وەستگەی ژیانی هونەریت بوو ،تاچەندپێمانگا رۆڵی هەبوو لە بڕەودان بە توانستەهونەرییەکانت؟**

- من لەپێمانگای هونەرە جوانەکان ئەلف و بێ شانۆ فێربووم فێرگەیەکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی پڕە بەتوانستەکانی خۆم بدەم..هەرچەندە بەداخەوە زۆر دەرفەتیان بە من نەدەدا، بۆ ئەوەی بەشداری کارام هەبێت لە کاری نواندن.
- **شێما چۆن پێناسەی شانۆ دەکات ؟**
- شانۆ لای من ڕەحمەتە هەستێ ژیانە دەرمانە بۆ ئازارەکان..زۆر باوەڕیشم بەم دەستە واژۆ هەیە کە دەڵێت (نانۆك و تەختەی شانۆم بدەنێ گەلێکی هەشیارت دەدەمێ)،بۆیە تا ئەو کاتەی دەمرم من واز لە شانۆ ناهێنم.
- **بۆچی هەندێك لەو شانۆکارانەی پێمانگا تەواو دەکەن دوایی لە گۆڕەپانی هونەری دیار نامێنن؟**
- زۆر بەداخەوە زۆرێك لەو قوتابیانە لە ماوەی پێنج ساڵەی پێمانگا چالاکن بەشداری کارە شانۆییەکانیش دەکەن بەڵام لە دوایی تەواو کردنی پێمانگا لە کاری شانۆیی دوورەکەونەوە هەکارەکەشی ئەوەیە بەداخەوە ئەوانە تەنیا مەبەستیان بەدەست هێنانی بڕوانامە بووە،لەبەرئەوەیە دوای دەرچوونیان لە پێمانگا لەکاری هونەری دوورەکەونەوە.

***ڕۆڵی شانۆ لە هەشیارکردنەوەی کۆمەڵگا چۆن دەبینیت؟**

- بەهەی ئەوەی هونەری شانۆ لە ڕێگەی ئەکتەرەوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەران، ماموستا دەکات بۆیە کاریگەری زیاتر دەبێت بە وەرگر لە هەمان کاتدا شانۆ،زۆر بەی هونەرەکانی تر

لەخۆدەگرێت وەك موزیك، شانۆكار تادەگاتە ئەدەب، بەیە هونەری شانۆ فاكتەرێكی باش و گرنگە بۆ هاشیاركردنەوەی كۆمەڵگا لە هەموو رووەكەوە.

- **تاچەند بوونی رۆخنەگری شانۆ بەپێویست دەزانیت؟**
- من بوونی رۆخنەو رۆخنەگر لە بواری هونەری و ئەدەبی بەپێویست دەزانم بۆئەوەی هونەرەكە پێش بكەوێت چونكە هیچ كارێكی هونەری بەدەرنییە لە كێموكوڕی بۆ مەرجەك رۆخنەی بنیادنەر بێت نەك ڕووخێنەر.

***ئایە لە كۆتاییدا زۆر سوپاس دەكەین هیوای سەركەوتن بۆ دەخوازین؟**

-منیش سوپاسی ئێو بەسەركردنەوەتان دەكەم لە كۆتاییدا دەڵێم " من هەمیشە تینوی شانۆم زۆریش حەز بە تەختەی شانۆ دەكەم".

سیستمی گەندەڵی عێراق.. عوسمانی حاجی مارف

لە پەرلەمانی تەوانینی گەندەڵی بە ساڵی ٢٠٢٣ کە لایەن ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیەوە دەرچووە، عێراق لە ڕیزبەندی گەندەڵترین وڵاتانی جیهاندا پلەن کراوە، بەو پێیەی لە ئێستادا عێراق لە ڕیزبەندی پێنجەمی گەندەڵترین وڵاتانی جیهاندایە. ئەم گەندەڵیە لەگەڵ هەر گرانکاریکدا هەشتا بەردەوامە و پەرچەکردارێکی جدی لە بەرامبەریدا نەکراوە.

بەرپرسانی عێراق بە خۆشیان، لە ڕۆژی وتارێ سیاسی و سیمینارەکانیانەوە بە میدیاکان، بەشەرمانە، نکۆڵی لە بونی گەندەڵی بەربڵاو لە دەزگاکانی دەوڵەت ناکەن.

ئاشکرایە تاکە پرسێک کە هەڵە سیاسیە بەشدارەکانی حکومەت لەسەری ڕێککەوتون، دابەشکردنی وەزارەت و دامودەزگاکانی دەوڵەتە، وەک

کردنە سەرچاوەی داهات بۆیان.
ئەم چەسپاندنی گەندەڵیە وەها قووڵی داکوتاوە بەربەستێکی بەرچاوە لەبەردەم گەشەسەندنی وڵاتدا، چونکە متمانەی خەڵکی تێکداوە و هەموو هەوڵەکان بۆ پشکنینکردنی خزمەتگوزارییە سەرتاپێکان بێ هاووڵاتیان ئیفلیج کردوە.
لە ساڵی ٢٠٠٣وە دوای ڕوخانی حکومەتی بەعس بەدواوەی ئاستوخەی ئەمریکا، گاتەجارێک لە پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ لە پێکهاتەی ئیسلامی و تائیفی و نەتەوەچێتی ڕیزبەندی کرا، کە بووە گەورەترین سەرچاوەی نەهامەتی بۆ دانشتوانی عێراق، لە خولقاننی شێوەی قەومی و تائیفیدا، ڕەخساندنی باڵادەستی فەزای تاڵانی و گەندەڵیەک، کە ڕێگایەک بۆ کەتایی هێنانی ڕوناکی تیا بەدی نەدەکرا، هەرچەندە گەڵانکاریەک لە ئارامکردنەوەی دەخی شێوەی تائفی و قەومی تاڵادێک خاوبۆتەوە، بەڵام زەمینەی بەردەوامی بۆ گەندەڵی لە شوێنی خێدا نەجوەاوە.
ئەم گەندەڵیە درێژبۆتەوە بۆ ناو تەواوی دەزگا قانونیەکان و دەزگا ئەمئی و سەربازی و حەشدی شەعبی و پێکهاتەی هەر هەزێکی چەکداری، کە حاڵەتێکی تەواو ناجۆری بەرهەم هێناوە، بواری لەپرسینەوەی بۆ تەواوی قفڵ کردوە.
لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا نوخبە سیاسیەکان سەرپەرشتی سامانێکی بەرفراوانیان خستۆتە ژێر دەستی خێیان و بۆتاڵانیان بردوە، لە هەمان کاتدا نێیان ویستوە زەحمەتی ئاوە بکێشن، خزمەتگوزارییە سەرتاپێکان وەک ئاو و کارەبا و تەندروستی و خزمەتگوزارییە گشتیەکانی دیکە پشکش بکەن.
تاڵانی و دزینی سامانی گشتی کە هۆی کەم وبەرهەنانی درێژخایەن بوە لە ژێرخانی ئابووریدا، گەشەی ئابووریی خنکاندووە و بەمەش هەژاری و بێکاری زیادکردوە.
پراکتیزەکردنی سیستماتیکی گەندەڵی، بەو پێیەی پێوەندی متمانەی نێوان هاووڵاتیان و دەوڵەت لەناو دەبات، گەندەڵی یەکێکە لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی لاوازی دەوڵەت و دامەزراوەکان و هاووڵاتیان، دواجاریش باجێکەشی هەر بەشی هاووڵاتیانە.
گەورەترین ئامرازی بە سیستماتیککردنی گەندەڵی لە عێراقدا بۆکارهێنانی هێزو سود وەرگرتنە لەدەزگا باڵاکانی حکومەت، هەربۆیە لەئاستی یەکسانی هاوسەنگی هێزی لایەنەکاندا، ناچار بون حکومەتی بەشبەشنە دامەزرێنن.
هەندە جار دامەزراوەی تایبەت بە بەڕێنگاربونەوەی گەندەڵی پێکهێنراوە، بەڵام ئەوەی نەشاردرێتەوە کە بە بەئامانجگرتنی نەیارانی سیاسی بۆکارهاتون، لە هەمان کاتدا هێنگاوەکانیان بە

وەستانەوە بەرامبەر گەندەڵی ئەوەی سەلماندوە کە بەربەستێکی لاوازن لەبەردەم بەرپرس و وەزارەتکانی حکومەتدا، چونکە لەسەر بنەمای پەیوەندی تائیفی و حزبی و میلیشیای پارەزراون.
لەلایەکی تریشەوە بە بەرنگاربونەوەی گەندەڵی هەندە هەوڵی نەودەوڵەتیش دراوە بە چاکسازی و بەرزکردنەوەی شەفافیەت و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و پشتیوانی لە دەستپێشخەریکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەڵام هۆبەوی بەرنگاریەکی بەرچاو بووە لەلایەن دەوڵەت و حزب و هێزە میلیشیاکانەوە کە لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی عێراقدا چێسپاوە.
گەندەڵی بەتە سیستەمێکی کارکردنی یاسایی، بە پاراستنی دەستکەوتی حزبەکان و قۆرخکردنی دەسەڵات بە پارەدارکردنی بەرپرسەکان و میلیشیاکانیان، لە هەمان کاتدا گەندەڵی لە لایەن میلیشیاکانی سەر بە پارتەکانی پاڵپشتی ئێرانەوە دەپارێزرێت و بە کێکردنەوە و پاراستنی داهاتەکانیان، کە تیرۆر و ڕفاندن و جۆرەکانی تری توندوتیژی ئەنجام دەدەن.
چێسپاندنی گەندەڵی بە جۆرێک ئاوەکەی هێشتوە، کەسێرک وەزیرەکان لە حەیدەر عەبادیەوە تا دەگات بە سودانی، نەیان توانیوە لە بەرامبەر نەهەنگی گەندەڵی و حزبەکانی و میلیشیاکانی هەوەست گرن و بوەستنەوە، ئیرادەی پۆیستیان نیە بە جێبەجێکردنی چاکسازیەک لەم بوارەدا، سەرەڕای ئەوەی کە لەدوانەکانیان نەیتوانیوە لە ئاسمان بێتە خوارەوە، لە هەمان کاتدا گەرانتی ئەوەش نیە گەر لەئاسمان بێتە خوارەوە چی ڕوئەدات.
ئەوەش سەیر نیە گەر بەپێین لە تەواوی ئەو پرۆژە ئابوریانەی هێزەوی گەشەپێدانی گرتەتە بەر بە گەندەڵکاری و دامەزراندنی عێراقێک کە سەقامگیری و ئاسایش دابین کات بە سەرمایەگوزاری، بەڵو هێزی سەختیەکی پێ زەحمەت دەبێتەوە لە دامەزراندی پرۆژەکاندا، گەر نەتوانێ ئاوگەڵ لەم سیستمی گەندەڵیەدا نەکات، یاخود بە شێوازێکی تر سەرکەوتوانە هەمان ئەو پرۆژانەش تەکەڵ بە شێوازێکی تر لە گەندەڵی بکەنەوە.
بەیە ئاسان نیە بە شێوەیکی ڕیشەیی تاقانی و گەندەڵی، حکومەتی عێراق و کوردستان بنەبڕ بکرێت، گەر ئەو حکومەتانە بە پەکاهاتەی هێزە میلیشیاکانی ئیسلامی و تائیفی ونەتوەچێتی و بنەماییەوە بنەبڕنەکرێن.

گرنگی خۆناسی.. ئەحمەد هەولێری

لەدوای هاپشەینی باشووری وەاتەوە، گەلی ئەمە بەتەواوی پاسیف بووە. گەلێک تا دوێنێ تەکۆشانی گەورەی دەکرد و تاقە پارچەی وەات بوو کە بەو هادیە بزاوتی سیاسی تێدا چالاک بوو. ئەو چالاکیانە گەیشتە ئاستێک کە شڤێنیەتی عەرەب بە هەموو هێزی خۆی لێیدا بەئام نەیتوانی بەری پێ بگرێت و دواجار بە هاپشەینەکە و بەدوایدا کەوکەی ساڵی ١٩٩١ گەیشتە ئەنجامێکی سەرتایی و بەدەستهێنانی پاراستنی نەودوەتی لە چوارچێوەی هەڵی پاراستنی سی و شەش و دواتریش دامەزراندنی حکومەت.

بەئام ئەم خرەشان و جوڵیە لەوێدا ئەوق بوو و لە بزاوت کەوت، چونکە بەدەستهێنانی ئازادی بەستراباوەوە بە نەویستن و نەفی کردنەوەی داگیرکەر، نەک دیاریکردنی ئەوەی ئەمە چیمان دەوێت و گەرەکمانە بە هزگاری چی بکەین! بەیە هەم گەل و هەم جڤات لەدوای هزگاری بە هیچ هەوە و تەقەلایەکی هاستەقینە بە بەجهێنانی ئەو کارانەی کە دەبوو بە بەدەستهێنانی ژیانێکی ئازاد و یەکسان بیدەن، کەوتنە شەی دەسەات و دابەشکردنی کەمگە کە دواجار شە و ماوەرانییەکی گەورەی لێکەوتەوە. بەیە هەموو ئەو گرفت و کەشە و ئاریشانەی لەو کاتەوە کەکە بوون، مرۆڤ و جڤاتی ئەمەی بەهادیەک دەرگیر کردووە کە ئیدی لە باسی ناسنامە دابەاون و تەنانەت بە ئەندازەیەک نامە بوون زەر کات پێیان ناخشە وەک کورد گوزارشت لە خۆیان بکەن.

دەرگیر بوون لەگە ئەو خەم و گرفتانە و ونبوون لە ناویدا تا ئەو کاتەیە کە مرۆقی ئەمە دەتە دەرەوە، ئەوکات بە توندی بەرکەوتنی دەبەت لەگە ئەوەی ئەو کەیە؟ سەر بە چ نەتەوەیەک؟ پێناسی چیە؟ ئیدی دەبەت لە ەی ناسنامەکەیەوە خۆی بەناسین بدات. دروست هەر یەک لە ئەمە لەم ناسنامەیەدا خۆی دەبینەتەوە،کە ناسنامەکە بەخۆی بنچینەیەکی ئەنترپۆلۆژی و مۆژووییی و مەاڵی و هەیە. بەم شەوەیە ئەو تاکە ناچارە ئەو سیمبە بکاتە ئەو مەکەیەی کە بەی دەگەتەوە، سەرباری ئەوەی کە لە هوانگەی نەستالۆژیەوە ناخودئاگا بەی دەگەتەوە، لەرەوەیە کە زەرکات پرسی شوناسی کورد لە دەرەوە دروەست دەبەتەوە. زەر کاتیش ئەو مژارە کە بە وەاتەکمان نییە،

ئامان نیە، مژوویکی فێمیمان نیە، ئازاردەر و دڕندەکی کەمبوودی لە دەروونی مرۆڤی ئەمدا درووست دەکات.

بەنموونە مرۆڤکی ئەوروپی هەر لە منداڵیەوە لەنو هەندەکانی کیانەکەی خۆیدا ئاشنایەتی پەیدا دەکات. لەڕێی تیڤی و ڕۆژنامەو یاخود هەبژاردەی وەرزشی نیشتمانییەوە، یان گرووپی موزیکی نەتەوەیی، یاخود ئەو سیمبۆلەی بەدیاری لەجۆژنی لەدایکبوونی دا بە دەت. وەک منداڵی گەلەکی خاوەن کیانێکی فێمی، بە ترس و دڵەنگی دەنگی بڵندی دەکاتەوە و نیشانی دەدات و سروود و گۆرانی بە باڵادا دەچڕێت

بەڵام مرۆڤ و جڤاتی ئەمە بە هیچ لەم خەونانەی شاد نەبووە و بەبڕیارە لەم بوونانە و ئەم دەرەتانەی نیە ئەمانە بەدەست بهێنێ. چونکە نەتەوەی سەردەست هەموو شتێکی لە زەوت کردووە، تەنانەت شارکانی نەتەوەی سەردەست لەگەڵ شارکانی ئەمدا لە هەموو ڕوویکەوە جیاوازی هەیە و هی ئەوان پڕ لە کارگە و شوێنی ژیان، شارکانی ئەمش خامۆشن و سەرمایەیان تیا بەگڕ ناخرێ، ئەوە بە هەر چوار بەشەکە ڕاستە. بەڵێ ئیدی کاتی ئەوەیە لەنو ئەو دەخە لە نامۆیی و دڵشداماوی چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە تاراوگەش هەوڵی خەناسیەکی چە بەرپا بکرێتەوە و سەرلەنوێ ئامانجەکان دیاری بکرێنەوە. چونکە ئەمە سێ دەیەیە لە هەموو بزاوتێکی پێویست و ڕاستەقینە دابڕاوین و وەستاوین.

دکتەریش بەرلەوەی چارسەر بە نەخۆش بنووسێ، خودی نەخۆشیەکە دەستنیشان دەکات. ڕاوچیش کاتێ دەچێ شکار، بیر لەوە دەکاتەوە، سیرەی تەواو لە نەچیرەکان بگرێ. کەواتە بە ناسین و دیاریکردنی تەواوی ئامانج، کەس بەدروستی و تەواوی بۆئاوات و هیواکانی ناگات.هەر لەم ڕوانگەیەوە بۆیەکا دەبینین نە ئەلەکسەندەری گەورە ونە جەنگیزخان، بە زانین و زانیاری لەمڕۆ هەزی تەواوی خەیان و هەروەها ئەو ناوچانەی داگیریان کردووە، هەرشیان نەکردووە. ئیدی هەرشکەر بیت یاخود هەرش بکراو، زاڵم بێت یان زوڵم لێکراو بیت، دەبێت خێت بناسیت و کە خێشت ناسی ئەوکات دەتوانیت بڕامبەرەکانت بناسیت.

لای ئەمە تاکی کورد نە پێناسەیەکی دروستی بە خۆی هەیە و نە توانیەیەتی بە داگیرکەر و دوژمنەکەی هەبێت، چونکە لە نەو بەشایدا ژیاوە و پەروەردە نەکراوە. مرۆڤ و جڤاتی ئەمە پێویستە هەستەوە و بە ناسینی خۆیی و دیموکراتیزەکردنی ژیارەکەی

تێبکۆشێ. بە مژووی ئاستەقینەی خۆی ئاشنا ببێت. پەند و وانە لێ وەربگرێ و بزانێ بۆ ئەو چارەنووسی بەسەردا هاتووە. چونکە بە خەناسی ئەویدی ناسی نابێت و تاکو ئەویدی نەناسیت ناتوانیت بە ئاستی خۆت بناسی و سنووری کانی خۆت بناسیت و بیپارێزیت، بە ئەوانەش ناتوانی ژیانێکی ئازاد و دیموکراتیک بهێنیتە ئاراوە.

ئەحمەد هەولێری

دوو هەمان کە مژوویەکی گرنگ زینـــــــــــدوودەکەنەوە لە بیرەوەریماندا!.. ئاسۆ کەمال

هەمانی نیشمانی سارا و خانەقای میرزا ی هەمانوس "میران ئەبراهام" گرنگن چونکە ئەمە بە مژووێکی خەڵکی شاری سلێمانی ئاشنا دەکا، کە تەنیا نموونەیەک دوای ئەو مژووە دێین و شتێکی وای لەسەر نازانین!

نزانینی زانیاری گشتی لە کوردستاندا لەسەر مژووی جولەکەکانی سلێمانی و شارەکانی تری کوردستان بەتایبەت کە ئەم خەڵکە بەشێک لە مژووی کۆنی پەکەوەیی هەزاران ساڵی ئەمبوون جێگای غەمێکی قوە و تەهامانێکی گەورەیە. میران لەم هەمانەدا ئەمە دەخاتە بەردەم پرسیار لەسەر کەلتوری مرۆڤایەتی ئەمە، کە چۆن ئەم هەموو ئازار و چارەنوسی کەچی بە کەمەڵەی هاوشاریەکانمان و مژوو و بیرەوەریەکانیان لە زەینی کەمەڵگەی کوردستاندا سڕاوەتەوە؟!

خانەقای میرزاش پەمان دەڵێ لە کوردستان مژووی خەباتی مەدەنی و هەشنبیری و چەپی سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی بیستیش مژووێکی گەشی خەڵکەکەی بوە و ئەم مژووی کوردستان تەنیا داستانی جەلالی و مەلایی و شەی بنەماڵە و شێخکان نەبوە. میران لەرشدا ئاشنامان دەکا بە هەوتێکی پشکەوتنخوازانەی مژوو، کە دەتوانین شانازی پەوە بکەین و بە سەرنجدانەوەیەکی هەخنەگرانەوە گەشە بەم دیوەی

مژوومان بدین، کە دەمکە کوتە ژێر داروپاردووی کلتوری دواکەوتوانەی دینی و دژە ڕۆشنبیری دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە.

ئەم دوو ڕەمانە شایانی خوێندنەوەیە و گرنگە کە پارێزەر بەم شێوازە و ناوەڕۆکە لە ڕەمان و ئەدەب دا. پێویستە لە پارێزەر و سیستم و پڕۆگرامی خوێندندا ئەم مژوانە بخوێنرێت تاکو ژیانی ئاستەقینەی کەمەگە و ئازار و مێنەتکان و دیو پشکەوتنخوازەکانی مژووی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانمان نیشان بدات.

نرکە نرکی نیوشەو..1.. شیعری: ستیڤان شەمزینی

بەشی یەکەم

نیوشەو
ئەم شارە بەرگی تاریکیی پێشیوە
تەنیا خەم و قەڵەمکەم بەدارین
خەم و چرا چاوکزەکانی سەرشەقامەکان
خەم و ئەو کتێبانەی لە وەرین نزیکن
خەم و پشیلەی ماڵە دراوسێکەمان
خەم و ئەو دەستە حەبە
تەواونەبووەی سەر مێزەکەم
خەم و ئەو دارستانەی
چاوبازی لەگەڵ کشوماتی دەکا
خەم و وەسوەسەی
ئەو تابلۆ هەڵواسراوەی
دەیەوێت لە قەدی دیوارەکە
خەی بخاتە خوارەوە
خەم و فنجانێک قاوەی چاوەڕوان
خەم و باڵندەی خەیاڵم
کە لە ئاسمانی

ئەوینی تەدا باڵەفڕکەمانە

لە نیوەشەودا
گوێ بە ئەو دەنگانە دەگرم
لە ئازارکانمەوە هاژەیان دێت
بەشکەی ئەو سروودانە رادژەنم
لە سەنگەری عەشقێکی ناکامدا
چاویان پشکوت
چاوی پە رەندکی
ئەو موسافیرانە دەسەم
بەدەم گەرانی نیشتمانەوە
رەشتن و نەگەڵانەوە
شوێنەواری ئەو پە چەپڵانە دەسەمەوە
بە باخی هەستمدا تێپەڕین و
ئاوێیان نەداوە
ئەو فەلسەفەیە تەریق دەکەمەوە
خەشەویستی پە تەفسیر نەکرا
گوێ لە چرکە چرکی
کاتژمێرکەی تەنیشتم دەگرم
دەمەوێت پەم بێت چەند چرکە
لە عومرم لە بە تەیدا
بەفیڕ دەڕوات!؟

لە نیوەشەودا
زەر بیر دەکەمەوە
بیر لە نوح دەکەمەوە
بەچی خەی
کەشتیەکەی کون نەکرد
مرۆڤی تووشی ئەم رەژە رەشە کرد؟
بیر لە ئاسمان دەکەمەوە
چۆن توانیوێتی
دەی گەلێ ئەستێرە بەدەست بهێنێت
بە کەمێ زەماوەندی لەگەڵ کردوون؟
بیر لە ئادەم دەکەمەوە

کە فڕۆدرایە سەر زەوی
چۆن خۆی نەکوشت؟
بیر لە دیستۆیفیسکی دەکەمەوە
تۆناگەم قوماری خۆشدۆیست
یان نووسین؟
بیر لە بیابان دەکەمەوە
ئەو هەموو لەی
بە چاوی کام زەریا کەکردەتەوە؟
بیر لە قەسابێک دەکەمەوە
چۆن خوێن نەیگرتووە و
دەتوانێت پێبکەنێت؟
بیر لە خودا دەکەمەوە
سەر لە حیکمەتی
ئەو تەنهاییە تولانییەی دەرناکەم!
بیر لە خەم دەکەمەوە، ئا، خەم
چۆن ئەو هەموو تەمەنە ژیاوم
بە ناسینی تۆ؟
چۆنیش ئەو هەموو ساڵە بژیم
لە دووریی پاش ناسینی تۆ؟؟

لە نیوەشەودا
سەفەر دەکەم
بەرەو مەیخانەیەک
لە بناری خەیاڵدا
بەدەم سەمای زەرباوە
شەراب دەخەمەوە
کاتە دەزووی خەیاڵم دەپچڕێت
دەستەکانم بۆنی دارمۆیان لە دێت
لە نیوە شەودا
سەفەر دەکەم
بەرەو پەرستگەیەکی دەرینی میترایی
لەوێ زەردەشت و میترا دەبینم
پەکەوە دەست لەناو دەست
نەخشەی ڕەنگکردنی ژیان دەکەشن
ئەهریمەن لەولاوە لەیان تەکدەدا

لەرەو هاوار دەکەم
دەنگم پەیان ناگات
لە نیوەشەودا
سەفەر دەکەم
رووە ئەو شارەی دەم دەیخوازێت
پاساریەکی غەریب چاوساغمە
جار جار پرسەک
بە رێبوارانی سەر جادە دەکات
بە کەسانە پێچاوپێچکانی ترسدا دەبین
دەمباتە بەردەم ماڵێکی بەشەونم داپۆشراو
دەڵێت ئەمە ماڵی راستەقینەی تۆیە
دەچم رادەکێشم و لە هەستانەوەدا
سەرم لە بەردی ئەلحەد دەدا

لە نیوەشەودا
بەناو خەمدا پیاسە دەکەم
بەنەو ئەو غەمانەدا تێدەپەڕم
لەناو پێکەنینەکانمدا
خەیان حەشارداوە
گەچانێک لە بیرەوەریی
دەدەمە دەستی ئەم شەوە پانوپۆڕانە
تا بەناو داهاتوودا پێی بڕێن
قوم قوم ڤەدگا دەرخواردی
ئەو پەروانەیە دەدەم
لە مەم نائومێد بوو
خەی بە دەزوویەک تیشکەوە هەواسی
پەنجەرەکانی نیگەرانی
لەسەر خەم دادەخەم
ناهەمم دووپشکەی گومان
بەتە ژوورەوە
دەرگا لە خەونێک دەکەمەوە
تێیدا دەی پێشمکیم
لەسەر سینگی پەریە ژنێک بتوتەوە

لە نیوەشەودا گەوو دەگرم
شەو بە ئاسمانی ساماڵ دەفرۆشم
کاتێک ئەستێرەیەکی بزر
ماڵی خۆی پێ نادەزرێتەوە و
بیر لە ئینتیحار دەکاتەوە
شەو بە باخی ماڵەکەمان دەفرۆشم
کاتێک خونچە گوڵێک
لەسەر سینگی دانووت
لەبەر سەرما رەق دەبێتەوە
شەو بە پێنووسەکەم دەفرۆشم
ساتێک شەنگە ژنێک
وەک دەریا
بەرەو لام شەپەل دەدات و
ناتوانێت
وەنەی کەنارێک بنەخشێنێت
شەو بە خەم دەفرۆشم
کاتێک پەریە ژنێک
بە وەنەی بروسکەیەک
بەدارم دەکاتەوە
منیش لەژێر
پێتەی گووماندا نووستووم

فرۆشتن..(*).. شیعری پشکۆ ناکام

ئەمانەوێ بتانفرۆشین
بەڵام بە کێ..؟
کە بەگژن و "کووەمان لە ئەکەن
کە ناپاکی و ئاشوب و خۆ خەریمان
لە ئەکەن..؟

کێ سیسارکەی ڕەزالەت و زەلیلیمان
لە ئەکەن..؟
کێ موسیبەت و نەگبەتی و خەفەتمان
لە ئەکەن..؟
کێ میکرۆبی داغانکەری جەستەمان
لە ئەکەن..؟
کێ دز و چەتە و شەلاتیەکانمان
لە ئەکەن..؟
کێ گەمژە و مەشک پووت و گەلحەکانمان
لە ئەکەن..؟
ئەمانەوێ بتانفڕشین
بەهام بە کە..؟
کێ ساختەچی و بێ ئابڕوو و دەمامک کراوەکانمان
لە ئەکەن..؟
کێ مەرووی زەهراویمان
لە ئەکەن..؟
کێ ئاشوبگەرانی نیشتمانمان
لە ئەکەن..؟
کێ ئابڕوێکمان لە ئەکەن
کێ بێ ئابڕوویی شەرمەزار کردبێ..؟
ئەتانفڕشین..بەهام بە کە..؟
سەگی پاسەوان نین
تا نرخەکتان هەبێ
مەڕ و ماڵاتێک نین
بەرهەمتان هەبێ..
نەعلەک نین لەپێ بکرێن
بووکێ شووشەیەک نین
دڵی منداڵکی پێ خۆشکرێ
کێ بێ بەلاش ئەتانکڕێ
کێ ؟ ....
ئەتانفڕشین
بەهام کەس ناتانکڕێ..
خەرتان ئەگا ، بڕۆن..
لە کەمان ببنەوە..بڕۆن
نامانەوێن
کەسیش ناتانکڕێ

.....

(*) سوود ل□ د□ق□کی"احمد مطر" و□رگیراو□..
""""""""""""""""""""""""""""""""""„

ل□ ک□رکوک فیلمی دیک□م□نتاری " فرم□سکی ج□لاد" نمایش د□کر□ت

ل□ژ□ر دروشمی (ب□□□ ب□ ه□□و□شاندن□و□ی سزای ل□ س□دار□ دان)
نمایشی فیلمی دیک□م□نتاری " فرم□سکی ج□لاد" نمایش د□کر□ت
ل□ ب□رواری ٢٠٢٤\٦\١٣ ژمار□ی□ک □□کخراو دژی سزای ل□س□دار□ دان ه□□د□ستین ب□ :

• نمایشکردنی فیلمی دیک□م□نتاری " فرم□سکی ج□لاد " ک□ ل□ د□ره□نانی لیث عبدالامیر□ .ل□ و□اتی میسر تومارکراوه.

• قس□وباس□ک ل□ژ□ر ناوی "سزای ل□س□دار□ دان □اگرن" ل□لای□ن چالاکوانی م□د□نی (سمیر نوری)

• گفتوگ□ و پرسیار و و□□امی ئاماد□بوان.

ئ□م چالاکی□ ل□لای□ن ئ□م □□کخراوان□و□ ئ□نجامدراو□

1- □یکخراوی ه□□و□شان□و□ی سزای ل□س□دار□دان ل□ ع□راق

2- ه□□م□تی ژیان ب□ ه□□و□شاندن□و□ی ب□یاری ل□ س□دار□دان ل□ کوردستان

3- کوردستان ب□ جین□ساید

ب□روار و کات : □□ژی پ□نج ش□مم□ ، ٢٠٢٤\٦\١٣ ، کاتژم□ر ١٠:٠٠ د□ی ب□یانی

شو□ن : پ□یمانگای عیلم

ناونیشان : ک□رکوک ئیسکان، پشت مزگ□وتی ش□هیدان

هاتن ب□ ه□موان□

بەرخەدان.. شیعری نەوشیروان ئازاد

لەسەردەمی بەرخەدان و یاخی بوندا…
لەژانی تەکەشان و ،
سەری بەرزی پێ شکەدا ..
تەپەکەو گرد ،
دەندو چیا
هەم ساتر و پەناگەبو
هەم لانەبوو …
هەڵە و بازی تەدا ئەژیا
…
کەچی ئەستا کەسەردەمی سەری شەو و ،
زەبونیە…
چیاکان مان .
نەسەنگەرەو نەحەشارگە…
زەرد هەڵگەڕاو..
تەیدا نەماوە..
ژیانگە…

نەوشیروان ئازاد
9/6/2024
سلێمانی